# چەندێک ئەوروپیە تورکیا؟

سەردار عەزیز

یەکێتی ئەوروپا لە دانیشتنەکەی ئەم دوایەدا لە سەر ئەوە رازی بوو کە لە مانگی دەی ساڵی داهاتوودا لە گەڵ تورکیادا دەست بە گفتوگۆبکات، بۆ بە ئەندامبوون. هەرزوو لە میدیاکانی رۆژئاوادا تورکیاو ناسنامەکانی وەک قارچک سەریان هەڵدا، ووڵاتێکە، موسوڵمان، گەورە، هەژار، پڕ لە سەرپێچیکردن لە مافەکانی مرۆڤ. بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە، هاتنی تورکیا قەیرانێک بۆ یەکێتی ئەوروپا دروست دەکات کە قەیرانی ناسنامەیە، یەکێتی ئەوروپا لە کوێوە دەست پێئەکات و لەکوێدا تەواو دەبێت. ئایا جوگرافیا ئەم ناسنامەیە دیاری ئەکات یان کەلتور. کاتێ مەغریب داوای بەئەندام بوونیکرد هەر یەکسەر رەتکرایەوە بەوەی دابرانێکی ئاشکرا هەیە لەنێوان ئەو ووڵاتەو سنوری ئەوروپا، کەچی بۆ چەند ساڵێک پێش رزگاربوونی جەزائیر ئەندام بوو وەک بەشێک لە فەرەنسا!!

تورکیا کەمترین بەشی دەکەوێتە ناو جوگرافیای ترادیشناڵی ئەوروپاوە، ووڵاتێکە سنوری لەگەڵ ئەرمینیاو ئێران و عێراق و سوریادا هەیە. لە دەیەی داهاتوودا زۆربەی زۆری کورد هاوڵاتی ئەوروپین، ئایا ئەمە لە خەونەوە نزیکە یان واقیع؟ کوردوستانی تورکیا کە زۆربەی بەشکانیم بە چاوی خۆم دیوە، سەرزەمینێکە کە لە ئەفغانستان ئەچێ تا ئەوروپا. هەژاری و نەخوێندەواری، گوندی چۆڵکراو، کەلتوری سەدەکانی پێشو، سەربازگە لە هەموو شوێنێ. لە شەوی بریاردانەکەی یەکێتی ئەوروپا کەناڵی دووی تەلەفزیونی بی بی سی دۆکیومەنتەریەکی لە سەر کوردوستانی تورکیا بڵاوکردەوە کە بۆ بینەری ئەوروپی جێگەی پەشوکان بوو، بە تایبەت لە کاتێکا پێشکەش کەری بەرنامەکە ووتی، زۆربەی مناڵ نارۆن بۆ خوێندن، کوشتنی ئافرەت لەسەر کێشەی شەرەف لەم ناوچانەدا زۆر زۆر بڵاوە.

بەڵام تورکیا هەردەم ووڵاتێک بووە دوفاقە، لەلایەکەوە دەیەوێ ئەوروپی بێت لە لایەکی ترەوە هێرشی سەربازی ئەکاتە سەر کورد. کێشە ئەوەیە زۆربەی زۆری خەڵکی ئەوروپا تورکیا وا وێنا ئەکەن کە هەمووی وەک کەنارەکانی دەریای ئیجەو دەریای سپی وابێت. چەندساڵێ لەمەو پێش لە بەندیخانەیەکی تاریکا، کە بەشێک بوو لە ژێرخانی قەرەقولێک بەسەر گردێکی بەرزەوە، کە بەسەر شاری بۆدروما ئەیروانی، لە پەنجەرە بچوکە بەرزەکەوە لە ئاوە شینەکەی قەراخەکانم ئەروانی کە لە بەر ئافرەت و پیاوی نیوەرووت جمەی ئەهات، کە زۆربەی زۆریان لە ووڵاتە ساردەکانی ئەوراپاوە دێن بۆ خۆرو بازاری هەرزان. منیش لە ژێرخانەکەدا دەنکە زەیتونەکانم ئەژماردو بیرم لەوەئەکردەوە بەشی چەندێکی ترم ئەکات.

ئایا تورکیا دەبێتە ووڵاتێکی ئەوروپی؟ لە تورکیا لە سەر دەبرینی بیرورا بەنددەکرێیت، تا ماوەیەکی زۆر کورت لەمەوپێش لەسەر بەکارهێنانی زمانی خۆت سزادەدرای، ئەگەر کوردبیت مافت نیە، ئەگەر چەپ بیت مافت نیە، هەر رەخنەیەک لە حکومەت دەتخاتە بەندەوە، هەرکارێک سەربازەکان بەدڵیان نەبێت خیانەتە لەووڵات، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەفسانەیەکە هەر لایەک بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنێت.

بەپێی راپۆرتەکانی یەکێتی ئەوروپا تورکیا گۆراوە، گۆرانێک هەندێک وای لێک ئەدەنەوە کە نزیکە لە شۆرشێکەوە. بەڵام زۆربەی زۆری گۆرانەکان تەنها لە سەر کاغەزن، بۆیە بۆروسۆ لە سەرەتای ئێوارەی نانخواردنەکەدا ئەوەی دووپاتکردەوە کە تورکیا دەبێ لە رووی پراکتیکەوە بە گۆرانەکان هەستێ. بەڵام گۆران بەو شێوەیەی کە یەکێتە ئەوروپا دەیەوێ تورکیا دەتوانێ پێی هەستێ. دیارە ژمارەی پەرەکانی ئەو دۆکیومێنتەی کە بەتورکیا ئەدرێت بۆ ئەوەێ پیادەیکات 80،000پەرەیە. کە زۆربەی زۆری ئەو لایەنانە ئەگرێتەوە کە کۆمەڵگاو ئابووری و بەرێوبردنی حکومەت، پێکدێنن. بەڵام

ئەم پیادەکردنە سەرتاپا ئەو بنەمایانە ئەگۆڕێ کە دەوڵەتی تورکیایان لە سەر بونیادنراوە. ئەگەر ئەتاتورک لەگەڵ عوسمانیەکاندا دابرانی دروستکرد، ئەوا یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ ئەتاتورکدا دابران دروست ئەکات. بەندی یەکەمی کرایتیریای کۆپینهاگن دەڵێ، سەقامگیربوونی دەزگاکان و گەرەنتیکردنی دیمۆکراسی، حوکمی یاسا، مافی مرۆڤ وە هەروەها رێزگرتن و پاراستنی کەمایەتیەکان. ئەگەر تورکیا بووبە وولاتێ ئەو بەندانەی تیا ئامادەبوو ئەوا دەبێتە وولاتێ جیاواز لە ناوچەکا. بەڵام تورکیا دەیەوێ لێکدانەوەی خۆی بۆ بەندەکان هەبێت. لە دەستوری تورکیادا کەمایەتی ئەو خەڵکانانەن کە خاوەن ئاینێکی جیان، دیارە ئەم بەندە لە دەستوری سەردەمی عوسمانیەوە ماوەتەوە چونکە لەگەڵ بۆچونەکانی ئەتاتورکە "مۆدرێنەکاندا" ئەگونجا. بەڵام یەکێتی ئەوروپا کوردو عەلەوی بەکەمینە دائەنێت، کە مافی ئەوەیان هەیە جیاوازبن. لەلایەکی ترەوە تورکیا دەبێ هێزە سەربازیەکانی کەم کاتەوە، ئەوانەی کە هەردەم خۆیان بە پارێزەی کۆمار داناوە، لە حەقیقەتدا جۆرێک لە دیکتاتۆریەتی دەزگاییان پێک هێنابوو، ئەگەر لە گەڵ هەر لێپرسراوێکی سیڤیلدا نەگونجانایە هەرزوو کودەتایان بەسەرا ئەکرد.

بەڵام گرنگترین شت کە پێویستە لە تورکیادا بگۆڕێ سیستەمی خوێندنە. ئەو سیستەمەی کە تائێستاش بۆنی فاشیزمی سیەکانی ئەوروپای لێدێت، چەمکی وەکو،بۆ ئەوەی دڵشاد بیت دەبێت تورک بیت، لە دونیای ئەمرۆدا جێی نابێتەوە. بەڵام سەرەرای ئەمانە بەئەندام بوونی تورکیا هیچ زیانێک بە کورد ناگەیەنێت (هەرچەندە رەنگە خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتوی کوردوستان بکاتە خەونێکی هەتا هەتایی، چونکە یەکێتی ئەوروپا دەزگایەکی پۆست-نەیشنە)، بەڵام رێگا بۆ هەوڵدانی زیاترو گۆرانی زیاتر لە بوارەکانی ماف و ئابووری و کەلتوردا دەکاتەوە. یەکێتی ئەوروپا پێویستی بە وولاتێکی گەورەی وەک تورکیایە بۆ ئەوەی لە دەیەی داهاتودا بیکاتە بازارو لە هەمانکاتدا بیگوازێتەوە بۆ ئاستێک کە بتوانێ وەک دەستێکی کار سودی لێوەرگرێ، لە کاتێکا ئەوروپا بەگشتی بەرەو ئەوە ئەچێ ببێتە کیشوەری پیرەکان. لەگەڵ ئەوەشدا رێگا لەوە بگرن کە وولاتەکە ببێتە وولاتێکی توندرەوی موسوڵمان، کە بەلای یەکێتی ئەوروپاوە یەکێک لە هۆکارەگەورەکانی ئەگەرێکی وا هەژاریە.